# ئاستانەی ڕێگایەکی نویّ



نووسینی :ئەنوەر عەلی مەحموود

هەنووکە لە باشووری نیشتیمان ، نیشتیمانی دایک و نیشتیمانی خوێن
تەڕایی و خوڕەمی هەل و مەرجێکی گەورە لە بارین دایە و
دەتوانیین بە کازیوەی وەرچەرخانێکی نوی ناوی ببەین ، بە ئاستانەی
ڕێگایەکی نویّ و پردێکی نویّ و ئایندەیەکی نویّ ناوی ببەین !
بەتایبەت لە کلاو ڕۆژنەی ئەو ڕۆژەوە ، کە بەڕێز مام جەلال
بە هەسارەی سەرەک کۆماری هەڵبژێرا و لەوێوە خەڵک وخوای وولات
کەوتنە قریوەی نویّ و کەوتنە ڕامالێنی تاوێری خەیاڵەقورسەکان
تاوێری ئەو خەیالانەی ، پڕن لە بۆنی کارەسات و پڕن لە بۆنی تەراژیدیا و
پڕن لە ماڵ وێرانی و پڕن لە بۆنی سێوەکانی ترس !!!
منیش وەک هەر تاکێکی کوردوستانی ، ئومێدخوازم لە سێبەری کۆمارێکی نوێدا
بنبڕکردنی دووەنی ڕۆژەتارەکان ببینم وخەرمانەی ئاسۆیەکی نویّ ببینم
ئومێد خوازم چراکان زێدەتر هێشووی ڕۆشنایی بگرن و
کێشەکان بەرەو کۆتا بچن و
مەسەلەی چارەنووسی نەتەوەکەشمان ، زێدەتر هەڵکشێ !
مافی هەموو تاکێکی کوردوستانییە ،لەبەر لێزمەی ئەم ڕۆژە ناسکەدا
چەترێک لە نوور وچەترێک لە بیرکردنەوە هەڵدا ، تا جارێکی تر
بە لێزمەی خشتە نەخووسێین و
ئاکاممان لەتەک ووردبوون و دڵۆپە دا نەڕوا
لێرەدا منیش ، بە چەن بەیتێ ،بە چەن خاڵێ
لە سێبەری دڵسۆزیدا ،ئەرکە مێژووییەکان دەخەمە ڕوو
بە و ئومێدەی هە مووان کاری دڵسۆزانەی بۆ بکەین !

(1)

یەک خستنەوەی ماڵی کوردی و ئاوەدانی هەموو ڕەنگەکان و
جەم بوونەوەی هەموو پارتەکان ، لە سێبەری ئالا پیرۆزەکەی وولاتدا و

هۆشمەندی دوورکەوتنەوە لە بەزم و ڕەزمی شەڕە پەڕۆ و
بەرز کردنەوەی وێنەی بەرپرسان و تەقەلا سەوزکردن
لە پێناوی هۆشمەندی میلەت ، بەرەو هزری نەتەوایەتی
نەک مانەوە لەسەر سفرەی خۆشەویستی تاک وپارت !

(2)

دیاریی کردنی سنووری کوردوستان ، کە ئەمە خاڵێکی یەکجار گرنگە و
چارەنووسی ملیۆنەها ئینسانی کوردی پێوە بەندە
بۆیە هۆشمەندی لە ماڵی دەستوورا ، ڕەنگەکان بەرە وتۆخ بوونەوە دەبا و
لێوی ئاینندە زێدەتر بە بزەدا دە با،
ئەمەش بەکاری مێژووناسان و یاسا ناسان و نووسەران و
بەشدارانی خەڵکی دەرەوە جی بە جێ دەبێ!

(3)

بنبڕکردنی کاری گەندەڵی لە دام ودەزگاکاندا ،هاوکات هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆشوێنی شیاو و
جێبەجێکردنی کاری هاوڵاتیانیش بە یەکسانی !

(4)

هەنگاونان بەرەو ماڵەکانی مەدەنیەت
بەتەرزێکی تر ئازادی ئەمرۆ سێبەری ڕۆژەکانی شەهیدە
بۆیە دەکرێت لە دابەشبوونی هەر سەرمایەیەکی نەتەووییدا
بە سیستەمێکی مۆدێرنانە بەرجەستە بکرێت
تایەکسانی بە یەکسانی برژێتە ماڵەکان
بێگوومان ڕەنگەکانی ژیانیش هەر بە یەکسانی ئینسانەوە جوانن !!

دواجار ، جارێکی تر بە ئومێدی سەربەخۆیی
بە ئومێدی مەلەی چراکان لە تاریکی دا
بە ئومێدی ماڵی نوێ
بە ئومێدی ڕەنگە سەوزەکانی ئازادی !!!

بەهاری 2005/ئەڵمانیا